https://doi.org/10.24271/garmian.16

# بنیادنانەوەی دەوڵەتی شكستخواردو "دەوڵەتی عێراق بە نمونە"

ئاریان رووف عزیز
زانكۆی گەرمیان
كولێژی زمان و زانستە مرۆڤایەتیەكان

سكالاّ حسین حمە امین
زانكۆی پۆلیتەكنیكی سلێمانی
پەیمانگای تەكنیكی كەلار

**پوختە**

لە دوای روداوەكانی 11 سێپتەمبەر، دەوڵەتی عێراق بەهۆی سیستەمە سیاسیەكەی وەك دەوڵەتێكی شكستخواردو، بە یەكێك لەو وڵاتانە دادەنرێت كە مایەی هەرەشەی سەرەكیە بۆ سەر ئاسایشی جیهانی، هەر بۆیە لە ساڵی 2003 بە بیانوی هەبونی چەكی كۆمەڵكوژ لەلایەن ولایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا داگیر كرا. لە دوای داگیركردنی هەریەكە لە ولایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا و نەتەوە یەكگرتوەكان پرۆژە و نەخشە رێگایان دانا بۆ بنیادنانەوەی سەرلەنوێی دەوڵەت لە عێراق.

سەرەرای جێبەجێكردنی نەخشە رێگا و پرۆژەكانی بنیادنانەوەی سەرلەنوێی دەوڵەتی عێراقی، تاكو ئێستا هیچ كام لەو نەخشە رێگایانە سەركەوتوو نەبون، چونكە بە یەك پارچەیی كار لە سەر بونیاتنانەوەی سەرلەنوێ دەوڵەت ئەكەن، ئەمەش گرفتە گەورەكەیە، چونكە دەوڵەتی عێراق تەنها وەك پێگەی جوگرافیای یەك پارچەیە. هەربۆیە پێویستە رێكارەكانی جێبەجێكردنی نەخشە رێگاكان بە شێوەی جیاواز بەسەر پێگەی ناوچەی سیاسی ونەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی جێبەجێ بكرێن بۆ ئەوەی ئەو نەخشە رێگایانە كاریگەر و سەركەوتوبن لەقۆناغەكانی سەر لە نوێ بنیادنانەوەی دەوڵەت لە عێراق.

**پێشەكی**

لەدوای كۆتایهاتنی جەنگی سارد، كۆمەڵێك دەوڵەتی نوێ هاتنە نێو كۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بەشێك لە ئەو دەوڵەتانە لە پیادەكردنی ئەركە سەرەكیەكانی دەوڵەتدا تواناییان لاوازبوو، بەتایبەت دابین كردنی ئاسایش، بەمەش بونە مایەی هەرەشە بۆ سەر ئاسایشی جیهانی، هەربۆیە لە ئەدەبیاتی سیاسی دەستەواژەی جیاواز

بۆ وەسفكردنی هەندێك لەو دەوڵەت هاتە كایەوە، وەك دەوڵەتی شكستخواردو، دەوڵەتی هەرەسهاتو، دەوڵەتی لێكهەڵوەشاوە .

لە سەرەتای ساڵی نەوەتەكانی سەدەی بیستەم لەلایەن ئاژانسەكانی نەتەوە یەكگرتوەكان وناوەندە ئەكادیمیایە جیهانیەكان چەندین نەخشە ڕێگا بۆ چارەسەركردن و بنیادنانەوەی ئەو دەوڵەتانە خرانە ڕوو، لەوانە هاوكاری و پاڵپشتی كردنی دەسەڵاتی ئەو وڵاتانە. هەتا پێش هێرشەكانی 11 سێپتەمبەر هەرەشەكانی ئەم جۆرە دەوڵەتانە لەلایەن وڵاتە زلهێزەكان بەهەند وەرنەگیرا، بەڵام لە دوای ئەو هێرشانە، عێراق و ئەفغانسان بە دوو وڵاتی هەرەشە ئامێز بۆ سەر ئاسایشی جیهانی لەلایەن ولایەتەیەكگرتوەكانی ئەمریكا كرانە ئامانج لەرێگەی بە كارهێنانی هێز بۆ سەرلەنوێ بنیاتانەوەی ئەو دوو وڵاتە.

لە دوای داگیركردنی عێراق لەلایەن ولایەتەیەكگرتوەكانی ئەمریكا چەندین پرۆژە و نەخشە ڕێگا بۆ بنیادنانەوەی دەوڵەت لە عێراق خرانە ڕوو، لە ئێستاشدا بەشێك لە ئەو پرۆژانە سەرلەنوێ پەیرەویان لێ دەكرێت، بۆ ئەوەی عێراق لە هەرەشەی هەرەسهێنان و دابەشبون رزگاربكەن.

**كێشەی توێژینەوە**

لەم توێژینەوەیەدا بنیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق بنەمای سەرەكی كێشەی توێژینەوەكەیە، توێژینەوەكە هەوڵ ئەدات لە ڕێگەی ئەم پرسیارانە كێشەكانی بخاتە ڕوو :

1. ئەو هۆكارانە چین كەوا پێویست دەكات سەرلە نوێ دەوڵەت بنیاتبنرێتەوە ؟
2. ئایا نەخشەرێگاكانی بنیادنانەوەی دەوڵەت لەعێراق سەركەوتوبون؟
3. هۆكارەكانی شكست هێنانی نەخشە رێگاكان بۆ بنیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق چین؟

**گریمانەی توێژینەوەكە :**

ئەو پلانو پرۆژە نێودەوڵەتیانەی كە بۆ بنیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق پێشنیاركراون لە دوای ساڵی 2003ەوە سەركەوتوو نەبوون و نابن، ئەگەر لە جێبەجێكردنیاندا وەك یەك پارچەی جوگرافیایی مامەڵە

لەگەڵ عێراق بکرێت و ڕەچاوی سروشتی پێکهاتەی دانیشتوانو باری کۆمەڵایەتی و سیاسیو ئاینی ونەتەوەیی و مەزهەبی نەکرێت.

**ئامانجی توێژینەوەکە**

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا ئەبینێتەوە کە تیشك دەخاتە سەر چەمکی بنیادنانەوەی دەوڵەت، هەروەها دەوڵەتی شکستخواردو وتایبەتمەندیەکانی، هەروەها ئەو پرۆژانە دەخاتە روو کە بۆ سەر لە نوێ بنیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق خراونەتە روو.

**گرنگی توێژینەوەکە :**

ئەم توێژینەوە هۆکارەکانی سەرنەکەوتن وشکستهێنانی پرۆژە و نەخشە رێگاکانی سەرلەنوێی بنیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق دەخاتە روو، هەروەها لە هەمانکاتدا رێکاری نوێ بۆ جێبەجێکردنیان دەخاتە بەردەست بۆ ئەوەی نەخشە رێگاکان کاریگەر و سەرکەوتوبن لە بنیادنانەوەی سەرلەنوێی دەوڵەت لە عێراق .

**میتۆدی توێژینەوە**

لەم توێژینەوەدا پشت بە میتۆدی مێژوویی بۆ خستنە رووی پرۆژەکانی بنیادنانەوەی دەوڵەت لە عێراق گیراوەتە بەر، هەروەها پشتی بەستوە بە میتۆدی کەیس ستەدی (دراسة الحالة) بۆ خستنە رووی خاسیەتەکانی دەوڵەتی شکستخواردو لە عێراق.

**پەیکەری توێژینەوە :**

توێژینەوەکە لە پێشەکی و دووباسی سەرەکی و دەرئەنجام پێکهاتوە، لە باسی یەکەم: بنیادنانەوەی دەوڵەتی شکستخواردو خراوەتەوە روو، لەرێگەی دابەشکردنی باسەکە بەسەر دوو تەوەر: تەوەری یەکەم: دەوڵەتی شکستخواردو، و تەوەری دووەم: بنیادنانەوەی دەوڵەتی شکستخواردو. لە باسی دووەمدا ئاماژەمان بە بنیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق کردوە لەرێگەی دابەشکردنی بەسەر سێ تەوەر، تەوەری یەکەم: نەخشە رێگای فرانسیس فۆکۆیاما، تەوەری دووەم: نەخشە رێگای ئەکادیمیایی ئاشتی نێودەوڵەتی، تەوەری سێیەم:

**شکتهێنانی نەخشە رێگاکان و رێکاری نویٚ بۆ سەرخستنیان، هەروەها بەدەرئەنجام کۆتایی بە توێژینەوەکە دێت.**

## باسی یەکەم : بنیادنانەوەی دەوڵەتی شکستخواردو

### تەوەری یەکەم: دەوڵەتی شکستخواردو

**ئەگەر لە روانگەو بنەماکانی ئەرکی دەوڵەت تەماشای دەوڵەت بکەین، بریتیە لە دروست کردنی دامەزراوەی چالاك و بەتوانا کە توانای خۆی بەرێوەبەری هەبیٚ لە بوارە جیاوازەکان، هەر لە دابین کردنی ئاسایش و وخزمەت گوزاری گشتی وپاراستن ودابین کردنی خوێندن وپاراستنی ژینگە وە دانانی سیاسەتی ئابوری و کۆمەڵایەتی و دابەش کردنی داهات و دەرکردنی یاساو جێبەجیٚ کردنی. لە کاتی بوونی دەوڵەتێك کە هیچ کام لەو بنەمایانەی تێدا نەبێت ئەوە دەوڵەت پێویستی بە دووبارە بنیاتنانەوە ودروستکردنی دامودەزگاکانی هەیە، چونکە ئەو جۆرە لە ئەم دەوڵەتانە لەو کاتەدا دەبنە هەرەشە چ لە ئاستی ناوخۆ چ لە ئاستی نێو دەوڵەتی و ئاسایشی جیهان دەخەنە مەترسی. هەموو ئەمانەش بە گوێرەی بارودۆخ و ژینگەی ئەو دەوڵەتانە دەگۆرێت، بە پێی تێروانی لیبرالیزمی نویٚ رێگا چارەش زۆرجار بۆ ئەم دەوڵەتانە چاکسازی لە بواری ئابوری و گەشەسەندنی ئەمەش رێگای کەمکردنەوەی رۆڵ و ئەرکی دەوڵەت و گۆرینی زۆربەی کەرتەکان لە کەرتی گشتی بۆ کەرتی تایبەت .[1]**

**دەتوانین بڵێین لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەم واتا دوای روخانی یەکێتی سۆڤێت بیری لیبراڵی بەتەواوەتی گەشەی سەند، ئەویش لە رێگای هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی وڵاتانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست، بۆ نمونە لە ئەفریقا بەرنامەی (هاوسەنگی وخوگونجاندن)ی بونیادگەر بۆ ئابوری کە وڵاتانی کۆمەك بەخش هێنراوە جی بەجیٚ کردن بەڵام دەرئەنجامی پێچەوانەی هەبوو، چونکە داوای بچوکردنەوەی کەرتی**

[1]فرانسيس فوكوياما، بناء الدولة : النظام العالمي و مشكلة الحكم و الادارة في القرن الحادي و العشرين، ترجمة: مجاب الامام، الطبعة الاولى، العبيكان،المملكة العربيةالسعودية،2007، ص32.

**حكومی(Compact State[2]) و رادەستكردنی بەشێك لە وەزیفە سەرەكیەكانی دەوڵەت بە كەرتی تایبەت، و كەمكردنەوەی خەرجیەكانی دەوڵەت بۆ پاڵپشتی خزمەتگوزاریە گشتیەكان دەكرد[3]، بەڵام ئەمە بە خراپ بەكارهێنراوە لەلایەن ئەو وڵاتانەوەكە دەستیان كرد بە كەم كردنەوەی وەبەرهێنان لە ژێرخانی بنەرەتی وەك پرۆژەی تەندروستی گشتی و دروستكردنی رێگاوبان وهەروەها لە كەرتی كشتوكاڵ و پەروەردەو بەپێچەوانەوە لە كەرتی كاروباری سەروەری** (شؤون السيادة) **كە بواری دیپلۆماسی و سوپایی دەگرتەوە قەبارەی خەرجی زیادی كرد.[4]**

**ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت بیرۆكەی لیبراڵی كە هەوڵدرا لەرێگایەوە دوبارە بنیادنانەوەی ئەو دەوڵەتانەی پێ بكرێت سەركەوتو نەبوو. ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسی ئەو ووڵاتانە كە رێگرە لەبەردەم هەموو جۆرە چاكسازیەك.**

**هەر ساڵانی نەوەدەكان بە تایبەت دوای لێكهەڵوەشانەوەی دەسەڵات لە دەوڵەتەكانی بەلقان و سودان و صوماڵ و ئەفغانستان و عێراق، لە ئەدەبیاتی سیاسی دەستەواژەی جیاواز بۆ وەسفكردنی ئەم شێوە لەو دەوڵەتانە هاتە كایەوە كە پەیرەویان لە سیستەمێكی حوكمرانی وەها دەكرد دەوڵەتیان توشی لاوازی كرد بوو، وە ببونە مایەی هەرەشە بۆ كۆمەڵگاكانی خۆیان و لەهەمانكاتدا توانای جێبەجێكردنی ئەركەكانی دەوڵەتیان نەبوو. دەوڵەتی شكستخواردو(Failed States) یەكێك بوو لەو دەستەواژانە بەشێوەیەكی بلاْو هاتە بەرباسەوە، بەتایبەت دوائەوەی لە ئیدارەی ئەمریكا لەسەردەمی حوكمرانی "بیل كلینتۆن" بەكارهێنرا بۆ ناساندنی بەشێك لە ئەو دەوڵەتانەی كە توانای پیادەكردنی ئەركە سەرەكیەكانی دەوڵەتیان لاوازبووە، بەتایبەت دابین كردنی ئاسایش، بەمەش بونەتە مایەی هەرەشە بۆ ئاسایشی جیهانی لەو دەوڵەتانەش،**

[2]السعيد لوصيف، واقع ومستقبل الدوله الوطنية ضمن رهانات وتحديات مرحلة مابعد الحرب الباردة،(رسالة ماجستير) ،جامعة الحاج لخضر – باتنة /كلية الحقوق قسم علوم سياسية ،2010،ص 26.

[3]ديفيد هارفي، الليبرالية الجديدة: موجز تاريخي، ترجمة: مجاب الإمام، الطبعة الاولى، العبيكان للنشر، 2008، ص261.

[4]روجر اوين، الدولة والسلطة و السياسية في الاشرق الاوسط، ترجمة:عبدالوهاب علوب، الطبعة الاولي /مجلس الاعلى للثقافة،قاهرة،2004،ص45.

**صومال، ئەفغانستان و عێراق[5]. بۆ ناساندنی ئەم شێوە لە دەوڵەت بە پێویستی ئەزانین پێناسەی دەوڵەتی شکستخواردو و خاسیەتەکانی بکەین .**

**چەمکی دەوڵەتی شکستخواردو یەکەم جار لەلایەن دوو نوسەر هێنرانە نێو ئەدەبیاتی سیاسی، ئەوانیش(**Gerald B. Helman**) و (**Steven R. Ratner**) بوون، دوای ئەوەی نوسینێکیان بەناونیشانی( رزگارکردنی دەوڵەتی شکستخواردو–** Saving Failed States **) لە گۆڤاری (**foreign policy**) ئەمریکی لە ساڵی** 1993 **بلاَوکرایەوە، لە نوسینەکەیاندا ئومێدی زۆریان لە رۆڵ و پێگەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پاراستنی دیمکراسی و مافی مرۆڤ وپاراستنی ئاسایشی بە کۆمەڵ هەڵچنی بوو.**[6] **بەم شێوەیە پێناسەی دەوڵەتی شکستخواردویان کردبوو( دەوڵەتی شکستخواردو دیاردەیەکی نوێیە که سەری هەڵداوە و جێگەی نیگەرانیە: دەوڵەتی شکستخواردو بریتیە لەو دەوڵەتانەی کە ناتوانێت پارێزگاری لە خۆی بکات وەك ئەندامێکی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی)[7]. هەروەها لەم دەوڵەتانە سیستەمی حوکمرانی نادیمکراسیە هەر ئەمەشە بوەتە مایەی شکستی سیاسی و دواکەوتویی ئابووری درێژخایەن[8].**

**هەروەها دەوڵەتە شکستخواردوەکان بەوە دەناسرێنەوە بەهۆی نەبونی پەیکەرێکی رێکخراو توانای فەراهەمکردنی دادپەروەری نیە، هەربۆیە توندوتیژی بە شێوەیەکی بەرفراوان تەشەنەی کردوە که ئەمەش رێگری لە جێبەجێکردنی یاسا و دەستور بە شێوەیەکی دروست دەگرێت، هەروەها نائارامی وپشێوی بۆتە سیمایەکی دیاری ئەم ولاَتانە**[9]

[5] أدمام شهرزاد،الطبيعة اللاتماثلية للتهديدات الأمنية الجديدة، مجلة الندوة للدراسات القانونية، كلية الحقوق والعلوم السياسية جامعة جيجل/ الجزائر، العدد الاول للعام 2013.، ص 47

[6] إياد العنبر واسحق يعقوب محمد، مستقبل العراق: دراسة في العلاقة بين مؤشرات الدولة الفاشلة ومتغيرات انهيارالدولة، كلية العلوم السياسية/جامعة الكوفة، ص2.على الموقع الالكتروني

politicalsciences.uokufa.edu.iq/staff/ishaqy/ar/res/3.docx

[7] Gerald B.Helman, stevn R. Ratrner, Saving Failed States, http://foreignpolicy.com/2010/06/15/saving-failed-states.

[8]. بول هارست و جراهام طومبسون، ما العولمة: الاقتصاد العالمي وإمكانات التحكم، ترجمة: فالح عبدالجبار، دراسات عراقية، الطبعة الاولى 2009،ص 440.

[9] Daniel Lambach: Failed States – Definitions, Causes, Concepts, Local Governance, 05/01/2015,http://www.exploringgeopolitics.org/interview_lambach_failed_states_definitions_causes_concepts_local_governance_authority_chaos_anarchy_features_scales/

**دەتوانین بڵێن هەر دەوڵەتێك نەیتوانی ئەركە سەرەكیەكانی دەوڵەت كە بریتین لە (1- سەروەری یاسا،2- قۆرغكردنی ئامرازە ڕێگە پێدراوەكان بۆ كۆنترۆڵكردن، 3- چاودێری، 4- بەڕێوەبردنی دروستی سامانی گشتی، 5- بەگەڕخستنی سامانی مرۆیی، 6- پاراستنی ماف هاونیشتمانیان، 7- فەراهەمكردنی خزمەتگوزاری ژێرخان، 8- بەگەڕخستنی بازاڕ)10. ئەوا بە دەوڵەتێكی شكستخواردو دەژمێردرێت، بەمانایەكی تر ئەو دەوڵەتەی كەتوانای فەراهەمكردنی سودی سیاسی بۆكۆمەڵگاكەی نەبێت دەوڵەتێكی شكستخواردوە[11].**

**وەك لەسەرەتای ئەم باسە ئاماژەمان پێدا دیاردەی شكستهێنانی دەوڵەت لە دوای كۆتایهاتنی جەنگی سارد بۆتە دیاریدەیەكی بەربلاو، هەر ئەمەش بوە هۆی ئەوەی كە كاریگەری لەسەر ئاسایشی و ئارامی جیهان هەبێت، سەرەرای فرەیی فۆرمەكانی دەوڵەتی شكستخواردو، بەلاّم لێرەدا تەنها ئاماژە بۆ دووفۆرمی دەكەین كە سیفەتەكانی روونن ئەوانیش[12]:**

1. **فۆرمی بەتایبەت كردن (privatization): ئەم فۆرمەیان بریتیە لە بە تایبەتكردنی دامودەزگا و سامانی سروشتی دەوڵەتە بۆ كەسە نزیكەكانی دەسەلأتداران بە ئامانجی دەستكەوتی تاكەكەسی بۆ خۆیان تەنها كۆمەڵێك دامودەزگای دەوڵەت دەهێڵنەوە، ئەم فۆرمە لە دەوڵەتی شكستخواردو ماوەیەكی زۆر دەمێنێتەوە چونكە بە داهاتی وڵات دەسەلأتداران دەتوانن درێژەی پێ بدەن.**
2. **فۆرمی بەشبەشبون (fragmentation): ئەم فۆرمەیان لە ئەنجامی ململانێی لە سەر قۆرخكردنی دەسەلأت توندوتیژی سەرهەڵئەدات، بەلاّم بەهۆی بەهێزنەبونی لایەكیان بە سەر ئەویتر هیچ لایەكیان سەركەتوو نابن بەسەر ئەوی تریان، ئەمەش زیاتر لەو وڵاتانەدا هەیە كە پێك هاتەكان دەوڵەتی جیاوازن. دەوڵەت توانای كۆنترۆڵكردنی هەموو بە شە جوگرافیایەكانی نیە بەهۆی فرە پێكهاتەی**

[10]Stian elsentrager, Failed State or Failed Label? The concealing concept and the case of Somalia, The Norwegian University of Life Sciences and The Norwegian Institute of International Affairs, http://www.e-ir.info/2012/03/27/failed-state-or-failed-label-the-concealing-concept-and-the-case-of-somalia/

[11]محمد نسیب اوجون و مراد أصلان، نظریة و ممارسة بناء الدولة في الشرق الاوسط : منظور دستوری حول العراق والافغانستان، دراسات العالمیة132، مركز الامارات للدراسات و البحوث الاستراتیجیة، ابوظبي، الطبعة الاولی 2014،ص15.

[12]Daniel Lambach: Failed States – Definitions, Causes, Concepts, Local Governance, OP,Cit

ئاینی و نەتەوەیی و خێڵەکی، لە کاتی ململانێ سیاسیەکان ولآت زیاتر شکڵی سەربازی لەخۆ ئەگرێت..

لەبەر ئەوەی بونی دەوڵەتی شکستخواردو کە دەبێتە مایەی هەرەشە بۆ ئاسایشی جیهانی پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە،بۆئەوەی رێگری بکرێت لەوەی دەوڵەتی شکستخواردو ببێتە مایەی هەرەشە، ئەوە پێویستی بە بنیادنانەوەی سەرلەنوێی دەوڵەت هەیە.

### تەوەری دووەم : بنیادنانەوەی دەوڵەتی شکستخواردو

پرۆسەی بنیادنانەوەی دەوڵەتی شکستخواردو پرۆسەیەکی ئاڵۆزە لە هەمانکاتدا گرنگە بۆ پاراستنی ئاسایشی جیهان، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تر بۆ پاراستنی دانیشتوانی ئەو دەوڵەتە لە پێشلکاری مافەکانی مرۆڤ و تاوانەکانی دەسەلآتداران. پرۆسەیەکی گشتگیرەو بۆ چاکسازیکردنە لەدامودەزگاکانی حکومەت و بەهێزکردنیان، هەورەها دامەزراندنی دامودەزگای پێویست و بەهێزتریشە بۆ دەوڵەت.

هەمیشە دەوڵەتی شکستخواردو پاساوێکی گونجاوە بۆ پرۆسەی بنیادنانەوەی دەوڵەت، هەربۆیە گرنگە ئەجێندا و پلانی گونجاو هەبێت بۆ دەستپێکردنی و کۆتایهێنان، سەرەرای هاوبەشی هەندێك نەخشە رێگا و گونجاوی بۆهەموو حاڵەتێك، بەلآم لە هەمانکاتدا هەندێك رێکارەکانی ئەم پرۆسە یە لەدەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر جیاوازە و هەریەکێکیان بە پێی ژینگەی سیاسی و پێکهاتەی کۆمەلآیەتی و داهاتی ئەو ولآتە پلان و بەرنامەی بۆ دەبێت دابرێژێت.[13]

فۆکویاما لە کتێبی ( State Building ) ئاماژە بەوە دەکات مەبەست لە بنیادنانەوەی دەوڵەت بەهێزکردنی ئەو دامودەزگایانەیە کە هەن و بنیاتنانی دامودەزگای بەهێزی نوێیە کە پشت بەخۆی ببەستێت لە بوارەکانی ئەرکە سەرەکیەکانی وەك فەراهەمکردنی ئاسایش و رێکخستن وخزمەتگوزاریە گشتیەکان لە ناوخۆ، پارێزگاری کردن لە ولآت لە هەرەشە دەرەکیەکان، هەروەها فەراهەمکردنی پەروەردە و پاراستنی ژینگە،

[13] محمد نسیب اوجون و مراد اصلان، سەرچاوەی پێشوو،ص15.

پاراستنی و دوباره دابەشكردنی سامانی نیشتمان و دەركردنی یاسا وجێبەجێكردنی نەك كەمكردنەوە و تواناو بەربلاَوی دامودەزگانی دەوڵەت[14].

بنیادنانەوەی دەوڵەت لای كیت جنكیز، بریتیە لە دەستێوەرانی هێزێكی دەرەكیی لە پێناو گۆرینی سیستەمی سیاسی، و چەسپاندنی دیموكراسی، ئەمەش دەرئەنجام لە قازانجی سیستەمی جیهانی بەهێز و چەسپاندنی ئاشتیدا ئەبێت.[15]

هەروەها رێكخراوی هاوكاری ئابووری و گەشەپێدان (OECD) پێنج رەهەندی بۆ بنیادنانەوەی دەوڵەت دیاری كردوە لەم خشتەی خوارەوە دەیخەینە روو:

| پرۆسەی بەهێزكردنی تواناكانی دەوڵەت، دامودەزگاكان، شەرعیەتیان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| پرۆسە سیاسیەكان | پەیوەندیەكان دەوڵەت/ كۆمەڵگا | شەرعیەتی دەوڵەت | پیشبینیە كۆمەلأیەتیەكان | توانای هەڵسان بە ئەركەكانی دەوڵەت |
| هەڵبژاردن | دیالۆگی گشتی | هۆكارە جیاوازەكان بۆ پابەندبون | ئەوەی گروپە كۆمەلأیەتیەكان لە دەوڵەتی چاروەروان دەكەن | ئاسایش |
| پرۆسەی پەرلەمانیەكان | بەشداری هاولأتیان لە دارشتنی سیاسەتی گشتی | | | حوكمی یاسا و گەیشتن بە دادگەری |
| لامەركەزی | | | | سەپاندنی باج |

[14] فرانسيس فوكوياما، سەرچاوەی پێشوو، ص11.

[15] محمد نسيب اوجون و مراد اصلان، سەرچاوەی پێشوو ،ص15.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | گەیاندنی خزمەتگوزاریەکان |
| | | | | ئیدارەدانی ئابووری و ژینگە |

**سەرچاوە** : محمد نسيب اوجون و مراد أصلان، نظرية و ممارسة بناء الدولة في الشرق الاوسط: منظور دستوری حول العراق و الافغانستان، دراسات العالمية132، مركز الامارات للدراسات و البحوث الاستراتيجية، ابوظبي، الطبعة الاولى 2014

**باسی دووەم : بنیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق**

**لەدوای روداوەکانی 11 سێپتەمبەری ساڵی 2001 ، عێراق بە یەکێك لە دەوڵەتە هەرە ترسناکانە دائەنرا کە دەسەلأتە سیاسیەکەی ببوە مایەی هەرەشە بۆ سەرکۆمەڵگای نێودەوڵەتی، لە هەمانکاتدا پێشلکاری لە مافەکانی گەلەکەشیدا دەکرد، هەر بۆیە ئەرکی کۆمەڵگای نێودەڵەتی بوو دەستێوەردان بکات لە پێناو پاراستن و رزگاری هاونیشتمانیانی لە لە زوڵمی دەسەلأتداران " بەهۆکاری مرۆیی"، لە هەمان کاتدا ماف و ئەرك ولأتانی رۆژئاواش بوو دەستێوەردان بکات لە پێناو بەرگریکردن وپاراستنی هاونیشتمانیانی" بەهۆکاری ئەمنی" ، چونکە روداوەکانی 11 سێپتەمبەر ئەوەی سەلماند هیچ گومانێکی تێدا نیە دەوڵەتە لاواز و شکستخواردوەکان دەبنە مایەی هەرەشەی ئەمنی لەسەر دەوڵەتە بەهێز و دەوڵەمەندەکان**[16].

**دوای ئەوەی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هێرشەکانی بۆ سەر عێراق دەست پێکرد لە ساڵی 2003 و لە مانگی ئازاری هەمان ساڵ کۆتایی بە دەسەلأتداری بەعسیەکان لە عێراق هێنا، رەخنەی ئەوە لە ئەمریکیەکان گیرا لەو داگیرکاریە کە پلانی رونی نەبوە بۆ بنیاتنانەوە بەلأم پاساوی ئەوان بنیادنانەوەی سەرلەنوێی دەوڵەتی عێراق بوو، نەك نیازی داگیرکاری و ئامانجیان چەسپاندنی دیمکراسی و مافەکانی مرۆڤ و خۆبەرێوەبەری، ئیدارەدانی عێراق لە لایەن ئەوان ماوەیەکی راگوزەرە و کاتیە**[17].

---

[16] **فرانسیس فوکویاما، سەرچاوەی پێشوو ، ص15.**

[17] **هەمان سەرچاوە، ص15.**

**لە دوای داگیركردنی عێراق لە ئازاری ساڵی 2003 چەند رێگایەك بۆبنیادنانەوەی عێراق خرانە روو، دیاریترینیان :1. ئەو رێگانە بون كە فۆكۆیاما لە كتێبی (State Bulding) لە ساڵی 2004 بڵاوی كردەوە، 2.هەروەها لە 14-2003/11/16 ئەكادیمیای ئاشتی نێودەولەتی كۆنفراسێكی لە چوارچێوەی پرۆگرامی بنیادنانەوەی دەوڵەت لە نیۆرك رێكخست لە ژێر ناونیشانی ( The Future of UN State-Building: Strategic and Operational Challenges and the Legacy of Iraq) كە تێدا رێگە چارەی بۆ نەتەوە یەكگرتوەكان لە بارەی بنیادنانەوەی دەوڵەت لە عێراق خستوەتە روو، هەوڵ ئەدەین بەكورتی نەخشەرێگاكانی هەریەكەیان لە خوراەوە بخەینە روو :**

**تەوەری یەكەم : نەخشە رێگای فرانسیس فۆكۆیاما**

**فۆكۆیاما ئامازە بۆ ئەوە دەكات كە بنیاتنانی دەوڵەت دوو چالاكی لەخۆ ئەگرێت : دوبارە بنیاتنانەوە و نەشونما، لەم روانگەوە پێناسەییان دەكات " دوبارە بنیاتنانەوە بریتیە لە گەراندنەوەی ئەو ولأتانەی كە جەنگ وێرانیكردون بۆ دۆخی پێش دەستپێكردنی جەنگ. هەروەها نەشونما بریتیە لە دروستكردنی دامودەزگای نویٚ، و گەشەدان بە نەشونمای ئابوری بەردەوام". خاڵی گرنگ لێرەدا گەرانەوەی ولأتی وێران بوە بۆ دۆخی پێش جەنگ، هەروەها فەراهەمكردنی ژێرخانێكی بەهێزە، و جێبەجێكردنی و پێشكەشكردنی خزمەتگوزاریە گشتیەكانە، دوای ئەم قۆناغە كە قۆناغی ئاوەدانكردنەوەیە، پێویستە قۆناغی دواتر دەست پێبكات كە ئەویش نەشونمایە لەرێگەی پاڵپشتی دەرەكی بۆ بەرەنگاری بونەوەی هەژاری و چاككردنی ئاستی پەروەردە[18]**

**لە قۆناغی گەشەپێدان پێویستە دامودەزگای حكومی نویٚ دروستبكرێت، ئەوانەشی هەن بەهێزبكرێن، یەكێك لە هەڵە باوەكانی رابردو و ئێستای سیاسەتی جیهانی ئەوەیە كە رەخنە لە(حكومەتی قەبارە گەورە) دەگیرێت، و هەوڵی گواستنەوەی ئەركەكانی سەرەكیەكانی دەوڵەت (كەرتی گشتی) بۆ كەرتی تایبەت و**

[18]محمد نسیب اوجون و مراد أصلان، **سەرچاوەیپێشوو**،ص15.

دامودەزگاكانی كۆمەڵی مەدەنی دەدرێت (ئەمە لە كاتێكدا لە دەوڵەت شكستخواردوەكان، حكومەت لاوازە یان هیچ توانای نیە یاخود هەر نیە، هەر ئەمەشە ئەبێتە سەرچاوەی زۆر لە كێشە[19]

ئەم تێروانینەی فۆكۆیاما لە بنیادنانەوەی دەوڵەتی شكستخواردو لەوە سەرچاوە دەگرێت، كە بەشێك لە ئەو وڵاتانەی دوای كۆتایی هاتنی جەنگی سارد پرۆسەی رادەستكردنی بەشێك لە ئەركە سەرەكیەكانی دەوڵەت تێدا بە كەرتی تایبەت درا، وەك بە شێك لە چارەسەركردنی گرفتەكانی دەوڵەت، بەڵام لەم وڵاتانە كێشەی نوێ سەریان هەڵدا لە ئەنجامی مامەڵەی خراپی دەسەڵاتداران لەم پرسەدا، هەربۆیە نەیتوانی ئەو دەوڵەتانە لە دەوڵەتی شكستخواردوی دوربخاتەوە، بە پێچەوانەوە گرفتەكان زیاتر بون، فۆرمێكی نوێ لە حوكمرانی تیاندا گەشەی سەند، لەم فۆرمە نوێیەی حوكمرانیدا كەمینەیەك كاربەدەست قۆرغی دەسەڵاتیان كردوە، و لەو رێگەوە سامانی وڵات بۆ خۆیان دەبەن، بە شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ بودجە و داهاتی وڵات دەكەن كە وەك ئەوەیە، لە گیرفانی خۆیاندا بێت، بە پروپاگەندە هەڵخەڵەتەنەرەكانیان سەرنجی هاونیشتمانیان بۆ دۆزی تر ئەبەن، لەبەرامبەر ئەمەشدا ئەوان خەریكی بە تاڵانبردنی سامانی وڵاتن، ئەمەش یارمەتی ئەدات لە بەكارهێنانی داهاتی وڵات لە پێناو بەرژەوەندی تاكەكەسی لەسەر حسابی هاونیشتمانیان. بەبێ ئەوەی خزمەتگوزاریەكی ئەوتۆ پێشكەش بكەن.[20].

بۆ چارەسەركردنی ئەو دۆخەش لیستی ئەركەكانی دەوڵەت كە لەلایەن بانكی نێودەوڵەتی لە (راپۆرتی گەشەپێدانی جیهانیلە ساڵی 1997 خراوەتە ڕووبە گونجاو دەزانێت، كە تێدا ئەركەكانی دەوڵەتی بەسەر سێ بەش دابەشكراوە ، كە بریتین لە)(وەزیفەی نزم وناوەند و چالاك )[21]:

---

[19] فرانسیس فوكویاما، سەرچاوەی پێشوو، ص15.

[20] Daron Acemoglu &James A. Robinson &Thierry Verdier,Kleptocracy and divide and rule: a model of personal rule, Alfred marshall lecture, Massachusetts, Institute of Technology, University of California, Berkeley, Journal of the European Economic Association, April–May 2004 2(2–3),p162

[21] فرانسیس فوكویاما، سەرچاوەی پێشوو، ص52.

1. ئەركە نزمەكان : فەراهەمكردنی خزمەتگوزاری گشتی، بایەخدان بە كاروباری بەرگری و نەزم و یاسا،پاراستنی ماف خاوەندارێتی، ئیدارەدانی ئابوری، چاودێریكردنی، چاككردنی ئاستی دادگەری، پاراستنی هەژاران.
2. ئەركە ناوەندەكان: پەروەردەو فێركردن و ژینگە،رێكخستنی قۆرخكار، رێكخستنی كەرتی دارایی و بیمە، بیمەی كۆمەلأیەتی.
3. ئەركە چالاكەكان: سیاسەتی پیشەسازی، دابەشكردنی سامان.

فۆكویاما لە كۆتایی كتێبەكەیدا ئاماژە بە گرنگی هونەری بنیاتنانی دەوڵەتدەكات بە كەمتری نازانێت لە بەكارهێنانی هێز بۆ پاراستنی ئاسایشی جیهانی[22].

**تەوەری دووەم : نەخشە رێگای ئەكادیمیایی ئاشتی نێودەولەتی (IPC)**

لە پرۆژەكەی ئەكادیمیای ئاشتی نێودەوڵەتی رەخنەی بەكارهێنانی هێز لە بنیاتنانی دەوڵەت ئەگرێت لە عێراق و ئەفغانستان، چونكە وای دەبینێت ئامانجی دەست تێوەردانە سەربازیەكەی ئەمریكا بۆ ئەو دوو وڵاتە گۆڕینی سیستەمی سیاسی ئەو ولاتانەبوو بەبێ پێشكەش كردنی بەدیلێكی روون بۆ ئەو سیستەمانە و دروست كردنی دەوڵەتێكی ئارام. هەرچەندە پلان هەبوو بەڵأم لەو ئاستانەبوو كە دەوڵەت لەو ولاتانە سەرلەنوێ دەوڵەت بنیات بنێتەوە، و بۆماوەیەكی زۆر جێگربونی دەوڵەت بەدیبهینی، بەڵكو ولایەتەیەكگرتوەكانی ئەمریكا بەشێوە كلاسیكیەكەی مامەڵەكردن لە گەڵ وڵأتانی شكستخواردو مامەڵەی كرد[23].

لە بەشێكی تردا هەرەشە و مەترسیەكانی بەردەم بنیاتنانەوەی دەوڵەت لەعێراق دەگەرێنێتەوە بۆ خراپی بارودۆخی سیاسی و خراپی پلان وەنەبوونی تیگەیشتنی ناوخۆ و كۆمەلێك بەرربەستی ستراتیژی.

[22] فرانسیس فوكویاما، سەرچاوەی پێشوو، ص204.

[23] Kirsti Samuels and Sebastian von Einsiedel, The Future of UN State-Building: Strategic and Operational Challenges and the Legacy of Iraq,International Peace Academy Report, , New York:The Pocantico Conference Center ,2003 p.4

**پرۆژەكەی ئەكادیمیایی ئاشتی نێودەوڵەتی تەركیزی سەرەكی لەسەر رۆڵی هێزی دەرەكیە بۆ بنیاتنانەوەی دەوڵەت، بەدیاری كراویش رۆڵی نەتەوە یەكگرتوەكان لەمبارەوە بروای وایە هەوڵەكانی نەتەوە یەكگرتوەكان لەم بوارەدا گۆرانكاری باش دەتوانێ بەدەست بهێنێ وەسەركەوت و بێت بۆیە پێویستە ئەو بەرپرسیاریەتیە بگریتە ئەستۆ. بە رەچاوكردنی پەرەپێدانی توانای تاكەكان وە دامەزراندنی دامودەزگا چونكەبنیاتنانی دەوڵەت لەئاستی سیاسی پێویستی بە كۆتایی هێنان بە توندوتیژی هەیە ئەمەش بەدابین كردنی سازانی ناوخۆ لەنیوان هەموو لایەنەكان وە پشت بەستن بە ئامرازی ناتوندوتیژی. دەتوانین نەخشە رێگاكەی لەم چەند خاڵەی خوارەوە كۆبكەینەوە [24]:**

1. **بونی پلانی ستراتیژی بۆ بنیاتنانەوە لە دوای قۆناغی سەركەوتن. چونكە هەوڵەكانی بنیادنانەوەی دەوڵەت پێویستی بە پلان دانان و ئامانجی روون و دووبارە هەڵسەنگاندن و روون كردنەوە هەیە، ئەمەش پشت دەبەستێت بە سیاسەتی راست و هەماهەنگی مەركەزی لەنێوان ئاژانس و رێكخراوە جیهانیە جیاوازەكان.**
2. **رەچاوكردنی كلتور و مێژویی و رۆشنبیری سیاسی بۆ ئەوەی هەنگاوەكانی بنیاتنانەوە توشی بەرەنگاری نێوخۆی نەبێت، سەركەوتنی یا سەرنەكەتن بیناتنانەوەی دەوڵەت تارادەیەكی زۆر پشت بە ئیرادەی گەل دەبەستیت وە ئەبی ئەوە رەچاوبكرین، بۆ ئەوەی لەلایەن ئەو گروپە خاوەن بەرژەوەندیانەی كە لەبنیادنانەوەی دەوڵەت زەرەرمەند دەبن بەكارنەهێنرێن بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان.**
3. **بنیادنانی سازانی سیاسی :بۆ دانانی سنورێك بۆ توندوتیژی سیاسی، بۆ ئەوەی كۆدەنگی دروست بكرێت بۆ پاڵپشتی گۆرینی ململانێی لەسەر دەستەلآت بە رێگای توندوتیژی بۆ ململانێ سیاسی دروست .**

---

[24] Kirsti Samuels and Sebastian von Einsiedel, The Future of UN State-Building:Op,cit p.4-10

4. بنیادنانی دەوڵەت لەئاستی سیاسی پێویستی بە کۆتایی هێنان بە توندوتیژی هەیە، ئەمەش بەدابین کردنی سازانی ناوخۆ لەنێوان هەموو لایەنەکان وە پشت بەستن بە ئامرازی ناتوندوتیژی دەبێت .
5. جێبەجێکردنی دادگەری راگوزەر.
6. سود وەرگرتن لە سامانی مرۆیی دەرەوەی وڵات : بۆ بنیاتنانەوە لەدوای جەنگ پێویستە پشت بەشارەزای پسپۆری ئەو کەسانە ببەسترێت کە لە دەروەی وڵات گەراونەتەوە، چونکە گونجاوترە لەبەرئەوەی لە ژینگەیەکی پێشکەوتوتر ژیانیان گوزەراندوە، کاری سیاسی باشتر ئەکەن و دەتوانن لە رێگەی پەیوەندیە دەرەکیەکانیان هەنگاوی باش بنێن بۆدابین کردنی پشتگیری نێودەوڵەتی.
7. بنیاتنانی دەوڵەتی دیموکراسی : ئەمەش پێویستی بە سێ پرسی هەیە ئەوانەش :1-پرۆسەی هەڵبژاردن بەلاّم نابێت وەهای لێبروانێت کە ئامانجە، بەڵکو دەبێت وەك ئامراز بەکاربهێنرێت، چونکە لەکاتی گۆرینی سیستەم بۆ دیموکراسی ئەوەی بەربەست دروست دەکات پشت بەستنە بەلایەنی تەکنیکی بەتایبەتی هەلبژاردن، لە بری گرنگی دان بە پەیکەری یاسای و دەسەڵات کە ئەمەش زۆرجار گۆرانکاری راستەقینە دروست ناکات.2-پاڵپشتی کردنی سەروەری یاسا، وەك ستراتیژیەتێکی گشتگیر و فراوان بەشێوەیەك سەرجەم دامودەزگای دەوڵەت بگرێتەوە.3- چاکسازی لە کەرتی ئاسایش" راهێنان و پۆشتەکردن" بە تەرکیزکردن لە پاڵپشتی ئەم کەرتە بۆ چەسپاندنی ئیدارەیەکی دیموکراسی لە کەرتی ئەمنی مەبەست لە کەرتی ئەمنی سوپا و سەرجەم ئەو دەزگایانەش ئەگرێتەوە کە هێز بەکارناهێنن.
8. دروستکردنی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە دەستە نایاساییەکان و دەزگای ئاسایشی نهێنی وەك ئەوەی لە گواتیمالا دروستکرا (CICIACS)، ئەم لیژنەیە لە شێوەی لیژنەیەکی نێودەوڵتی لەلایەن رێکخراوێکی نێودەوڵەتی و حکومەتی ئەو وڵاتە دادەمەزرێت بۆ پێدانی زانیاری بە نەتەوە یەکگرتوەکان و داواکاری گشتی نێودەوڵەتی لەبارەی ئەو رێکخراو و گروپانەی توندوتێژی سیاسی

**و تاوانی ڕێکخراو و گەندەڵی و پێشلکردنی مافەکانی مرۆڤ ، چونکە ئەم لیژنەیە ڕۆڵی گەورەی ئەبێت لە بنیادنانەوەی دەوڵەت.**

**تەوەری سێیەم : شکتهێنانی نەخشە ڕێگاکان و ڕێکاری نوێ بۆ سەرخستنیان**

**سەرەرای ئەوەی ئەم پرۆژانە بەشێکی لە دوبارە بنیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق جێبەجێکران، بەلاّم نەیانتوانی سەرکەوتوبن، هەربۆیەش لە ساڵی 2006–2008 ناوخۆی عێراق خوێناویترین قۆناغی بەسەربردکە بە قۆناغی جەنگی تایفەگەری ناوئەبرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵی 2009 سەرلەنوێی بە هاوکاری ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان و ولایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا هەوڵەکان چرکرانەوە لە بنیادنانەوەی دەوڵەت بەلاّم سەرلەنوێ ئەم پرۆژانە شکستیان هێنا لە ساڵی 2011کاتێك ئەمریکا بۆی دەرکەوت هەنگاوەکان بەو ئاراستەدا نارونن، پلانەکەی گۆری بۆ جێهشتنی عێراق. کۆمەڵێك هۆکار بەسەر یەکەوە هۆکاربون، یەکەم :نەبونی کەلتوری هاولاّتی بوون لە عێراق، دووەم :لاوازی دەزگا نوێیەکان، سێەم: گەندەڵی و لاوازی دامودەزگاکانی حکومەت[25]. چوارەم : نەخشە ڕێگاکان بۆ گۆرینی سیستەمی سیاسی تەنها شکڵی گشتی دەسەلاّتی گۆری، ئەمەش نەیتوانی دادگەری و دیموکراسی بۆ گەلانی عێراق فەراهەم بکات[26].**

**عێراق کە لەلایەن ئەمریکاوە جێهێڵرا، عێراقێك نەبوو کە خاوەن سیستەم و بونیاد و ئاگایی دیموکراسی بێت، ئەم لاوازییانە وەهای کرد ئەو پێکهاتە دیموکراسیانەی کە عێراق بەدەستی هێنا لەمیانەی ساڵانی بونی ئەمریکا لە ولاّتەکەدا وەك دەستور و پەرلەمان هێندە کاریگەر نەبن[27] ئەم قۆناغەش بەردەوامی هەبو، بەلاّم لە ئاستێکی دیاریکراو، بەلاّم لە ساڵی 2014 شکست هێنانی سەرجەم هەنگاوەکانی بنیادنانەوەی دەوڵەت لە عێراق بەدەرکەوتن دوای هێرشەکانی داعش بۆ سەر پارێزگا سونیەکان و داگیرکردنیان لەلایەن ئەو ڕێکخراوە.**

---

[25] یوسف محمد و ئەوانی تر، کوردستان و عێراق: ململانێی ناوخۆی و ئایندەی سیاسی ، ژووری توێژینەوەی سیاسی–بزوتنەوەی گۆران، چاپی یەکەم 2014، ل260.

[26] ئومید رفیق فتاح، النظام السياسي العراقي: الواقع، الاصلاح، والمستقبل، اعمل مؤتمر العلمي السنوي الرابع ل(سكول) العلوم السياسية- جمجمال /جامعة السليمانية بتاريخ 10-11نيسان 2013، ص13.

[27] یوسف محمد و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل252.

ئەم واقیعە پێمان ئەڵێت پرۆسەی بنیادنانەوەی دەوڵەت لە دوای ساڵی 2003 شکستیان هێنا، توێژەر هۆکارەکانی شکستی هەنگاوەکانی بنیادنانەوەی دەوڵەت لە عێراق بۆ چەند خاڵێك دەگەرێنێتەوە :

1. بۆ بنیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق رەچاوی بارودۆخی مێژووی و دیمۆگراف وئاینی ناوچەکەنەکراوە و بەهەند وەرنەگرتنی بوونی ژمارەیەکی زۆرکلتوری جیاواز لە ژینگەی سیاسی عێراق .
2. یەکێك لە مەرجەکانی بنیادنانەوەی دەوڵەتی عێراقی لە دوای ساڵی 2003 تاکو ئێستا پاراستنی یەك پارچەیی خاکی عێراقە بەهەر شێوەیەك بێت، کە ئەمەش یەکێك بوە لە هۆکارە سەرەکیەکانی شکست پێهێنانی سەرجەم نەخشە رێگاکانی بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق .
3. پشتگوێ خستنی چاکسازی لە سیستەمی بەرێوەبردن لە عێراق.
4. زەقکردنەوەی پرۆسەی بنیاتنانەوە لە ناوەندی پایتەخت و پشتگوێ خستنی پارێزگاکانی تر.
5. یەکێکی تر لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی دووبارە بنیادنانەوەی دەوڵەتی عێراقی دەگەرێتەوە بۆ پشت گوێ خستنی بونی نەتەوەی جیاواز لە عێراق دا، وە هەریەك لەونەتەوانە لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی دەوڵەتی عێراق توشی چەوسانەوە هاتوون لەسەر دەستی یەکتری کەئەمەش دەرئەنجام نەبوونی متمانە دروست کردوە لەنێوانیان.
6. نەبونی هەماهەنگی دروست لە نێوان ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و هێزە هاوپەیمانەکان بۆ بنیادنانەوەی دەوڵەت لە عێراق.
7. پشتگوێ خستنی و بە هەند وەرنەگرتنی هەندێك لە رێگە چارەکانی ئەو پرۆژانە کە پاڵپشتی باش ئەبون بۆ پرۆسەی بنیادنانەوەی دەوڵەت لە عێراق، دیاریترینیان دروستکردنی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە دەستە نایاسایییەکان.
8. دەستێوەردانی ولاَتانی ئیقلیمی لە کاروباری عێراق یەکێکی تربون لە هۆکارەکانی شکستهێنانی نەخشە رێگاکانی بنیاتنانەوەی دەوڵەت لە عێراق.

لە بەرئەوەی لە قۆناغی ئێستا وا دەرئەكەوێت خواستی هێزە ئیقلیمی (هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتیەكان بۆ ئایندەی عێراق لەدوای كۆتای هێنان بە داعش مانەوەیەتی بە یەك پارچەیی، هەر بۆیە توێژەر وای دەبێت ئەو پرۆژانە (پرۆژەكانی بنیادنانەوەی دەوڵەت لە عێراق) لە دوای كۆتایهاتنی داعش لەسەر ئەم بنەمایەی خوارە جێبەجێبكرێن، ئەوا پرۆسەی بنیاتنانەوە دەرفەتێكیی باشتر و كاریگەرتر ئەبێت :

دەوڵەتی عێراق بەسەر چوار هەرێمی فیدراڵی دابەشبكرێت، كە بریتی بێت لە هەرێمی كوردستانی ئێستا، هەرێمی پارێزگا سونیەكان و هەرێمی پارێزگا شیعەكان وهەرێمی بەغداد[28]، سیستەمی لامەركەزی ئیداری لە سێ هەرێمەكەی تر جگە لە هەرێمی بەغداد پەیرەو بكرێت پرۆژەكان لە ئەو سێ هەرێمە بەسەربەخۆیی جێبەجێبكرێت لە ژێرچاودێری ئاژانسە جیهانیەكان، هەروەها هەرێمی بەغداش بكرێت بەسەنتەری دەسەلاَتی فیدراڵی لە عێراق و دەستێوەردان لە كاروباری هەرێمەكانی تر نەدات بەڵكو ببێتە ناوەندی دەسەلاَتی دەوڵەتی عێراق، لەهەرێمی بەغداش رێگە چارەی ئەكادیمیای ئاشتی جیهانی لە ژێر چاودێری ئاژانسە جیهانیەكان جێبەجێبكرێت.

ئەم تێروانیە واقعیترە بۆ دۆخی عێراق چونكە دوای زیاتر لە سیانزە ساڵ لە هەوڵی بنیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق، پرۆەكان نەیانتوانی بە یەكگرتویی لە ئاستی عێراق جێبەجێ بكرێت، ودەوڵەتی عێراق لە شكستخواردوی دروبخەنەوە.

**دەرئە نجام**

1. دوای كۆتایهاتنی جەنگی سارد كۆمەڵێك دەوڵەت تواناى ئەنجامدانی ئەركەسەرەكیەكانی دەوڵەتیان نەبوو ببونە مایەی پێشلكاری مافەكانی مرۆڤ لە ولاَتەكانی خۆیان، و هەرەشە بۆ سەر ئاسایشی جیهانی، ئەم دەڵەتانە لە ئەدەبیاتی سیاسی بە دەوڵەت شكستخوارەكان ناسران .
2. سەرەرای ئاڵۆزی وئەستەمی دیاریكردنی دەوڵەتی شكستخواردو، بەلاَم هەندێك تایبەتمەندی بۆ دیاریكردنی دەوڵەت شكستخوارەكان هەبوو كەبناسرێنەوەلە و تایبەتمەدیانەش تاچەند دەوڵەت

[28] ئاكۆ حمە كریم و ئەوانی تر، پرسە سیاسی و قەیرانە هاوچەرخەكان، ژووری توێژینەوەی سیاسی-بزوتنەوەی گۆران، چاپی یەكەم 2015، ل70.

**توانای ئەنجامدانی ئەم وەزیفانەی هەیە (سەروەری یاسا، قۆرغكردنی ئامرازە ڕێگە پێدراوەكان بۆكۆنترۆڵكردن، چاودێری، بەڕێوەبردنی دروستی سامانی گشتی، بەگەرخستنی سامانی مرۆیی، پاراستنی ماف هاونیشتمانیان، فەراهەمكردنی خزمەتگوزاری ژێرخان، بەگەرخستنی بازار)**

3. **بەهۆی ئەوەی دەوڵەتە شكستخواردەكان ببونە مایەی هەرەشە بۆ سەر ئاسایشی جیهانی، پێویستی بە پرۆسەی سەر لەنوێ بنیادنانەوەی دامودەزگاكانی و دامەزراندنی دەزگای بەهێز و نوێتریش هەبوو.**
4. **هەتا پێش هێرشەكانی 11 سیپتەمبەری ساڵی 2001، وڵاتە زلهێزەكانی جیهان هەرەشەی دەوڵەتە شكستخواردوەكانیان بۆ سەر ئاسایشی جیهانی بەجدی نە ئەبینی، بەڵام دوای ئەم هێرشانە، دەركیان بەو هەرەشان كرد.**
5. **دەوڵەتی عێراقیش لە دوای ساڵی 1990 بە یەكێك لەدەوڵەتە شكستخواردوەكان هەژمار ئەكرا، بەڵام لە دوای هێرشەكانی 11 سێپتەمبەر ، پلانی بنیادنانەوەی بۆ دارێژرا لە ڕێگەی دەستێوەردانی سەربازی.**
6. **لە دوای داگیركردنی عێراق لە لایەن ولایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا لە ساڵی 2003چەندین نەخشە ڕێگا بۆ بنیادنانەوەی سەر لە نوێی دەوڵەتی عێراق خرانە روو، دیاریترنیان نەخشە ڕێگاكەی فرانسیس فۆكۆیاما و ئەكادیمیایی ئاشتی جیهانی بوو.**
7. **سەرەرای جێبە جێكردنی بەشێك لە ئەو نەخشە ڕێگایانە، بەڵام هەنگاوەكانی بنیادنانەوەی دەوڵەت لە عێراق شكستی هێنا، بە تایبەت لە دوای هێرشەكانی ڕێكخراوی داعش بۆ پارێزگا سونە نیشنەكانی لە عێراق لە ساڵی 2014 ئەو شكستە بە رونی دەركەوت.**
8. **سەرنەكەوتنی هەموو هەوڵەكانی دووبارە بنیادنانەوەی دەوڵەتی عێراقی دەگەرێتەوە بە هەند وەرنەگرتنی بارودۆخی مێژووی و دیمۆگرافی وئاینی لە عێراق، هەروەها بە یەكپارچە سەیركردنی**

عێراق لە نەخشە ڕێگاکانی بنیاتنانەوە، هەروەها پشتگوێ خستنی هەندێك خاڵی گرنگی نەخشە ڕێگاکان و زەقکردنەوەی نەخشە ڕێگاکان لە پایتەختی عێراق پشتگوێ خستنی پارێزگانی تر.

9. گونجاوترین ڕێگە بۆ بنیادنانەوەی عێراق جێبەجێکردنی نەخشە ڕێگاکانە، دوای دابەشکردنی عێراق بۆ چوار هەرێم، لە هەر هەرێمێك بە جیا لە ژێر چاودێری ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان نەخشە ڕێگاکان جێبەجێبکرێت.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە عەرەبیەکان

1) فرانسيس فوكوياما، بناء الدولة : النظام العالمي و مشكلة الحكم و الادرة في القرن الحادي و العشرين، ترجمة مجاب الامام، العبيكان،الطبعة الاولى 2007.

2) محمد نسيب اوجون و مراد أصلان، نظرية و ممارسة بناء الدولة في الشرق الاوسط: منظور دستورى حول العراق و الافغانستان، دراسات العالمية132، مركز الامارات للدراسات و البحوث الاستراتيجية، ابوظبي، الطبعة الاولى 2014.

3) بول هارست و جراهام طومبسون، ما العولمة: الاقتصاد العالمي وإمكانات التحكم، ترجمة: فالح عبدالجبار، دراسات عراقية، الطبعة الاولى 2009

4) ديفيد هارفي، الليبرالية الجديدة: موجز تاريخي، ترجمة: مجاب الإمام، العبيكان للنشر، الطبعة الاولى 2008.

5) **روجر اوين، الدولة والسلطة والسياسية في الاشرق الاوسط، ترجمة: عبدالوهاب علوب، الطبعة الاولي/ مجلس الاعلى للثقافة، قاهرة،2004 .**
6) **السعيد لوصيف، واقع ومستقبل الدوله الوطنية ضمن رهانات وتحديات مرحلة مابعد الحرب الباردة،(رسالة ماجستير) ،جامعة الحاج لخضر – باتنة/ كلية الحقوق  قسم علوم سياسية ،2010.**
7) **أدمام شهرزاد،الطبيعة اللاتماثلية للتهديدات الأمنية الجديدة، مجلة الندوة للدراسات القانونية، كلية الحقوق والعلوم السياسية جامعة جيجل/ الجزائر، العدداالاول للعام 2013.**

**سەرچاوە کوردیەکان**

1) **ئاکۆ حمه کریم و ئەوانی تر، پرسه سیاسی و قەیرانه هاوچەرخەکان، ژووری توێژینەوەی سیاسی- بزوتنەوەی گۆڕان، چاپی یەکەم** 2015.
2) **یوسف محمد و ئەوانی تر، کوردستان و عێراق: ململانێی ناوخۆی و ئایندەی سیاسی، ژووری توێژینەوەی سیاسی-بزوتنەوەی گۆڕان، چاپی یەکەم** 2014.

**سەرچاوە ئنگلیزیەکان**

1) Daron Acemoglu &James A. Robinson &Thierry Verdier,Kleptocracy and divide and rule: a model of personal rule, Alfred marshall lecture, Massachusetts, Institute of Technology, University of California, Berkeley, Journal of the European Economic Association, April–May 2004 2(2–3).
2) Kirsti Samuels and Sebastian von Einsiedel, The Future of UN State-Building: Strategic and Operational Challenges and the Legacy of Iraq, International Peace Academy Report, New York: The Pocantico Conference Center, 2003.

**وێبسایتەکان**

1) **إياد العنبر و اسحق يعقوب محمد، مستقبل العراق: دراسة في العلاقة بين مؤشرات الدولة الفاشلة ومتغيرات انهيارالدولة، كلية العلوم السياسية/ جامعة الكوفة. على الموقع الالكتروني**

politicalsciences.uokufa.edu.iq/staff/ishaqy/ar/res/3.docx

2) Gerald B.Helman, stevn R. Ratrner, Saving Failed States, http://foreignpolicy.com/2010/06/15/saving-failed-states.

3) Daniel Lambach: Failed States – Definitions, Causes, Concepts, Local Governance, 05/01/2015, http://www.exploringgeopolitics.org/interview_lambach_failed_states_definitions_causes_concepts_local_governance_authority_chaos_anarchy_features_scales/.

4) Stian elsentrager, Failed State or Failed Label? The concealing concept and the case of Somalia, The Norwegian University of Life Sciences and The Norwegian Institute of International Affairs, http://www.e-ir.info/2012/03/27/failed-state-or-failed-label-the-concealing-concept-and-the-case-of-somalia

**Abstract**

After the events of September 11, described the state of Iraq by the United States of those failed states that were threatening the security and world peace, because of its political system and possession of nuclear weapons, so the occupied territory in 2003, after the occupation of the State of Iraq, the US, Posed the US and the UN preparing program to rebuild the state of Iraq from the new.

In spite of the application of some roadmap points to rebuild the country of Iraq, but so far those projects failed, because the main interest of unity of Iraq and the negligence of demographic differences, political, sectarian and nationalist.

The aim of this research is to shed light on those projects which attempt to rebuild and construct the country once again